# خۆڕاگری شیخ الاسلام ابن تیمیه له بەرامبەر دوژمناندا

✍دکتۆر: هیوا نجم الدين حيدر

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

**ابن تیمیه له چەند دێڕێکدا:**

**نـاوی تـەواوی:** (تقى الدين أبو العباس أحمد بن عبدالحليم بن عبدالسلام بن عبدالله تيمية الحراني ثم الدمشقي الحنبلي).

**ابن تیمیه (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێـت) لـه شاری حەران له وولاتی سوریا(هەندێك لـه زانایان دەڵێن: له شاری ئورپـه) لـه ڕۆژی دووشەممەی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی٦٦١ك له دایك بووەو لەم شـارەدا ماوەتـەوە بـۆ مـاوەی دووسـاڵ پاشـان لەگـەڵ باوکیـدا چۆتە شاری دیمەشق.**

**ابن تیمیه (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێـت) لـه بنەماڵەیـەکی خـاوەن زانسـتو زانیـاری پەروەردە بووە، باوکی زانایەکی پایەبەرز بووە له سەردەمی خۆیـدا ئیمـامی** (ابـن كـثير) **دەربـارەی بـاوکی** (ابـن تيميـة) **دەفەرمێت:**

(والد شيخنا العالم العلامة تقي الدين ابـن تيمية مفتي الفرق الفارق بين الفرق، كان له فضيلة حسنة، ولدية فوائد كثيرة، وكان له كرسي بجامع دمشق يتكلم عليه من ظهـر قلبه)[1].

**باپیری ابن تیمیه کـه نـاوی**(ابو البركـات عبدالسلام بن عبدالله)**یـە فەرمووەناسـێکی بــەناوبانگ بــووە، وەدەســتێکی بــاڵای هەبووە له زانستی فیقهو تەفسیردا وەکـو** (ابن كثير) **دەفـەرمێت:** (وكان المجد معدوم

(١) (البداية والنهاية: ١٣/٣٢٠) .

النظير في زمانه، رأسا في الفقـــه وأصـــوله، بارعا في الحديث ومعانيه)[٢].

واتـه: بـاپیری ابـن تیمیـه بـێ وێنـه بـووه لەسـەردەمی خۆیـدا، وەدەسـتێکی بـاڵای هەبووە لە زانستی فیقـەو اصـول فیقهـدا، لـێ هـاتوو بـووە لـە زانـستی فـەرموودەو ماناکانیدا.

ابن تیمیه (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) هـەر لە منداڵییەوە خەریکی زانستو خوێنـدنی قورئـانو فـەرموودەو تەفـسیرو فیقـەو زمـانی عـەرەبی بـووە لای زانایـانی ئـەو سەردەمە، کـە تەمـەنی گەیشتە ١٧سـاڵ فـەتوای دەدا بـۆ خـەڵکی، بۆیـە زانایـانی ئەو سەردەمە زۆر سەریان سوڕما بوو لەم منداڵە تازە هەڵچووە کـە چـەندە توانـای تێڕوانینو لەبەر کردنی بەهێزە ! !

بۆیـــه کـــەم زانـــست هەیـــه ابـــن تیمیـــه نەیخوێندبێت، وە کەم پەڕتووکی زانایانی پێشین هەیە نەی بینیبێ.

## ووتەی زانایان دەربارەی ابن تیمیه(ڕەحمەتی خوای لێ بێت)

*قال الحافظ فتح الدين أبو الفتح ابن السيد الفاس اليعمري(رحمه الله):

(بینیم یـەکێك بـوو لـەو کەسـانەی کـە لـە هەموو زانستەکان بەشـێکە هـەبوو، نزیـك بـوو هـەموو پەرتووکـەکانی فـەرموودەو ئـەثـە ر لەبـەر بکـات، ئەگـەر لـە زانـستی تەفـسیردا قـسەی بکردایـە ئـەوا خـۆی هەڵگری ئاڵاکە بوو، ئەگـەر فـەتوای بدایـە لە فیقهدا ئەوا هەر خۆی هەستکەری ماناو مەبەسـتی زانـستی فیقـە بـوو، وە ئەگـەر باسی فەرموودەی بکردایە ئەوا هەر خـۆی خاوەن زانستی فەرموودە ناسیو ڕیوایەت بوو....، لە بوارەکـانی زانـستی شـەرعیدا دەرکـــەوت بەســـەر هـــەموو خەڵکیـــدا، چـاوەکان هاوشـێوەی ئـەویان نـەبینیووە وە خۆیـــشی هاوشـــێوەو نمونـــەی خـــۆی نەبینیووە)[٣].

*قال الذهبي(رحمه الله): (وهو أكبر أن ينبـــه مثلي على نعوته، فلو حلفت بـــين الـــركن والمقام لحلفت: بأني ما رأيت بعيني مثله ولا والله مارأى هو مثل نفسه في العلم)[٤].

---

(٢) (البداية والنهاية: ١٣/١٩٨) .

(٣) (العقود الدرية في مناقب شيخ الإسلام ابن تيمية، لابن عبدالهادي: ص٩) .

(٤) (العقود الدرية في مناقب شيخ الإسلام ابن تيمية، لابن عبدالهادي: ص٥) .

**واتە: ابن تیمیە لەوە گەورەترە كەوا كەسێكی وەكو من ستایشی بكات، ئەگەر سوێند بخۆم لە نێوان** (الركن والمقـــام) **دا سوێندەكەم ئەوە دەبێت دەڵێم سوێند بە خودا من نمونەو هاوشێوەی ابن تیمیەم نەبینیووە، وە سوێند بە خوا خۆیشی هاوشێوەی خۆی نەبینیوە لە زانستی شەرعیدا.**

*قال الشيخ عمادالدين الواسطي(رحمه الله): والله ثم والله لم أر تحت أديم السماء مثله علماً وعملاً وجمالاً وخُلقاً واتباعاً وكرماً وحلماً في الحق نفسه، وقياماً في حق الله تعالى عند انتهاك حرماته، ثم قال: ما رأينا في عصرنا هذا من تستجلى النبوة المحمدية وسننها من أقواله وأفعاله إلا هذا الرجل بحيث يشهد القلب الصحيح أن هذا هو الإتباع حقيقة)[٥].

**واتە: سوێند بە خوا پاشان سوێند بە خوا نەمبینیوە لە ژێر گوێنی ئاسمانەوە هاوشێوەو نمونەی وەكو ابن تیمیە لە زانستو كردەوەدا، لە جوانی ڕەوشتو هەوڵدان بۆ هەڵسو كەوتدا، لە شوێنكەوتنو بەخشندەیدا، هێمنو ژیر لە ناخی خۆیدا وە پاراستنی سنورەكانی خودا لە شتە قەدەغەكراوەكاندا، پاشان دەڵێت: نەمان بینیووە لەم سەردەمەدا فەرمانو سوونەتەكانی پێغەمبەر ﷺ لە كردارو گوفتاریدا ڕەنگی دابێتەوە وەكو نمونەی ئەم پیاوە بە شێوازێك دڵێكی پاك شایەتی بۆ دەدات كەوا ئەمە نمونەی شوێنكەوتنی ڕاستەقینەیە.**

*وقال الإمام أبو الحجاج المزي(رحمه الله): (ما رأيت مثله ولا أدرى هو مثل نفسه، ولا رأيت أحداً أعلم بكتاب الله وسنة رسوله ﷺ ولا أتبع لها منه)[٦].

**واتە: نەم بینیوە نمونەی وەك ابن تیمیە، وە خۆیشی هاوشێوەی خۆی نەبینیووە، وە كەسم نەبینیووە كەوا زانستو كردەوەی بە قورئانو سوننەتەكانی پێغەمبەر ﷺزیاتر بێت لە ابن تیمیە.**

*وقال بن الزملكاني(رحمه الله):

**(ئەگەر پرسیاری لێ بكرایە دەربارەی هەر زانستێك ئەوا بینەرو بیسەر وای دەزانی ابن تیمیە هیچ شتێكی تر نازانێ جگە لەم زانستە، وە حوكمی دەدا بەوەی كەس**

---

(٥) (الرد الوافر لابن ناصر الدمشقي: ص١٢٥-١٢٦) .

(٦) (العقود الدرية في مناقب شيخ الإسلام ابن تيمية، لابن عبدالهادي: ص٧) .

**ئەوەندەی ابن تیمیە لەم زانستەدا شارەزا نىیە)**[٧].

*وقال ابن دقيق العيد: (لما اجتمعت بـابن تيمية رأيت رجلا العلوم كلها بين عينيه، يأخذ منها ما يريد ويدع مايريد، وقال له بعد سماع كلامه: ما كنت أظن أن الله تعالى بقي يخلق مثلك)[٨].

**واتە: لە کاتێکدا لەگەڵ ابن تیمیە کۆبومەوە بینیم پیاوێکە هەموو زانست لە نێو چاویدا کۆبۆتەوە بە ویستی خۆی گوڵبژێری دەکات، پاشان دوای ئەوەی گوێ بیستی ووتەکانی ابن تیمیە بوو فەرمووی: وام بە بیردا نەهات کە خوای گەورە هێشتا نمونەی وەکو تۆ دروست بکات.**

*قال ابن القيم (رحمه الله):

وعلم الله ما رأيت أحدا أطيب عيشا منه قط، مع ماكان فيه من الحبس والتهديد والإرجاف، وهو مع ذلك أطيب الناس عيشاً وأشرحهم صدراً، وأقواهم قلباً وأسرهم نفساً تلوح نضره النعيم على وجهه، وكنا اذا اشتد بنا الخوف وساءت بنا الظنون وضاقت بنا الأرض، أتيناه فما هو إلا أن نراه ونسمع كلامه فيذهب عنا ذلك كله وينقلب إنشراحاً ويقيناً وطمأنينة، فسبحان من أشهد عباده جنته قبل لقائه، وفتح لهم أبوابها في دار العلم فأتاهم من روحها ونسيمها وطيبها)[٩].

**واتە: خوای گەورە دەزانێت من کەسم نەبینیووە بە هیچ شێوەیەك خۆش گوزەرانتر بێت لە ابن تیمیە، لەگەڵ ئەوەیشدا زۆری ژیانی بریتی بوو لە زینداندانو هەڕەشەو هەژاندن، لە هەموو خەڵکی زیاتر ژیانی باشترو سنگی فراوانترو ئیمانی بەهێزترو دڵی خۆشتر بوو بە شێوازێك ڕەونەقی بەهەشت لە دەمو چاویدا دەگەشایەوە.**

**ئێمە هەر کاتێك ترسو دڵە ڕاوکێ دامانی بگرتایەو سەر زەوی لێمان تەنگو واڵا بوایە ئەوا دەهاتین بۆ لای کاتێك دەمان بینیو گوێ بیستی قسەکانی دەبووین یەکسەر ترسو دڵە ڕاوکێ لە دڵەکانماندا نەدەما، دڵمان خۆشترو ئیمانمان بەهێزتر دەبوو، پاکیو بێگەری بۆ ئەو خوایەی**

(٧) (العقود الدرية في مناقب شيخ الإسلام ابن تيمية، لابن عبدالهادي: ص٧) .

(٨) (الرد الوافر لابن ناصر الدمشقي: ص١٠٧) .

(٩) (ذيل طبقات الحنابلة لابن رجب: ص٣٧٨) .

کەوا بەهەشتەکەی پیشانی بەندەکانی دەدات پێش ئەوەی پێی بگەن، وەدەرگاکانی بەهەشتیان بۆ دەکاتەوەو لەوێوە سروەو شنە باو بۆنی بەهەشتیان بۆ دێت.

*وقال عنه البزار(رحمه الله): كان رضى الله عنه من أعظم أهل عصره قوة ومقاماً وثبوتاً على الحق، وتقريراً لتحقيق توحيد الحق، لايصده عن ذلك لومة لائم ولا قول قائل ولا يرجع عنه لحجة محتج، بل كان إذا وضع له الحق يعض عليه بالنواجذ)[١٠].

واتە: ابن تیمیە لەسەردەمی خۆیدا باشترین کەس بوو کەوا جێگیرو دامەزراو بێت لەسەر ئایینەکەی، وە لەکاتی گەیاندنو یەك خستنی ڕاستیەکاندا لۆمەی لۆمەکاران یان قسەی خەڵکی ڕێگرو بەربەست نەبوو لێی بە هیچ شێوەیەك، لەبەر قسەی خەڵکی پەشیمان نەدەبووەوە لە حەق، بەڵکو ئەگەر لە کاتێکدا حەقیقەتو ڕاستی بۆ ڕوون بوایەتەوە ئەوە بە دانەکانی خۆی پێوە دەگرت.

(١٠) (الأعلام العلية في مناقب ابن تيمية: ص٣٦) .

## بیروباوەڕو عەقیدەی ابن تیمیە

(ڕەحمەتی خوای لێ بێت)

ابن تیمیە(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بە تەواوەتی دەگەڕایەوە بۆ ڕێبازی سەلەف، لە ڕاستیدا کەسێکی بێ وێنە بوو لەسەر خستنی قورئانو سوننەتدا بە تێگەیشتنی سەلەف.

بیروباوەڕی ابن تیمیە لە بوارەکانی عەقیدەدا بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگو بەها لای زانایانی دوای خۆی زانایەکی بێ وێنە بووە لە ڕوونکردنەوەی بیروباوەڕی ئیسلامدا کە ڕێچکەی سەلەفی گرتبۆیە بەر لە تەفسیر کردنی دەقە شەرعییەکاندا، وە زۆر پشتی بە ووتەی زانایانی سەلەف دەبەست.

بەم شێوەیە ابن تیمیە زانایەکی سەلەفی بووە حەقو ڕاستی ئاشکرا دەکرد وە لە لۆمەی خەڵکی نەدەترسا.

## بانگەوازی شیخ الاسلام ابن تیمیە

بانگەوازی ابن تیمیە بە شێوازێك بڵاو بۆتەوە لە نێو خەڵکدا کەوا کەم کەس هەیە شوێنکەوتووی ڕێگای ڕاست بێتو ناو و بانگەوازی ابن تیمیەی نەبیستبێت، ووتەکانی ابن تیمیە بە تەواوەتی جێگەی

خـۆی كردۆتـەوە لـە دڵـی موسـڵمانـاندا خـەڵكی سـەردەمی خـۆی زۆر خۆشـیان دەویست، ئەمەش لەبەر ئەوەی بـەردەوام فەرمانی بەچاكە دەكردو ڕێگری لە خراپە دەكرد.

ئـەو هۆكارانـەی وای كـردووە ابـن تیمیـە كەسـێكی تایبەتمەنـد بێـت لـە ئیـسلامدا، لەوانە:

١- كـەم وێنـەیی ئـەو لـە هێـزی بیركردنەوەو بەڵگە هێنانەوە.

٢- بـە تـەواوەتی پـشت بەسـتن بـە قورئانو سوننەت.

٣- واز هێنـان لـە دەمـارگیری مەزهەبایەتیو یـەكلا كردنـەوەی بابەتەكانی بە پێی بەڵگە.

٤- پـاك سـازیو چاكـسازی لـە بیروبـاوەڕی موسـڵماناندا، پاراسـتنی ئـایینی ئیـسلام لـە بیدعەو خورافیات.

٥- ئازایـەتیو لێهـاتووی لـە ڕوونكردنـەوەی ئاییـندا بـە بـێ ترسان لە خەڵكی.

ابـن تیمیـە بـەردەوام دژایـەتی ئـەو گروپانـەی دەكـرد كـەوا دەیـان ویـست جوانی ئەم ئایینە پیرۆزە بشێوێنن لەوانە گاورو جولەكە شیعەو صۆفیەكانو بیدعە چیەكان، دژایـەتی ئەوانـەی دەكـرد نـاو وسـیفاتەكانی خـوای گـەورەیان تـەئویل دەكـرد، هـەروەها تێدەكۆشـا لـە پێنـاو خـودا دژی تـەتارو كـافران، وە هـانی خەڵكی دەدا بۆ جیهاد.

بە ڕاستی تازەكـەرەوەی ئـایینی ئیـسلام بـوو لـە سـەردەمی خۆیـدا، وە لـەم ڕۆژگارەیـشدا موسـڵمانی ڕاسـتەقینە ئەوەیە شوێنی ڕێبازی ئـەم جـۆرە زانایـە بكەوێت.

قال الشيخ محمد خليل الهراس (رحمه الله): هذه هي دعوة ابن تيمية إصلاح وإحياء وتجديد، فهو بحق أبي النهضة الإسلامية الحديثة وواضع أساسها وجميع دعاة الإسلام من بعده إنما بهديه اقتدوا، وعلى كتبه تخرجوا)[١١].

واتە: ئەمە بانگەوازی ئیبن تەیمیـە بـووە: چاكسازی وزینـدوو كردنـەوە وتازەكـاری، بەڕاستی ئەو گەورەی ڕاپەڕینی ئیسلامی نـوێیـە، وەدانـەری بنـچینەكەیەتی، وەهەموو بانگەوازكارانی ئیسلام لـە پـاش

(١١) (ابن تيمية السلفي لمحمد خليل الهراس: ص١٩٨) .

ئـەو شـوێنی ڕێنمـایی ئـەو کـەوتوون، وە دەرچوی پەرتوکەکانی ئەون.

**خۆڕاگری ابن تیمیە** (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)

ابــن تیمیــە دوژمنێکــی زۆری هـــەبوو بەردەوام ئـازارو ئەشـکەنجەیان دەدا چـی خۆیـان بـە ڕاسـتەوخۆ یـان لـە ڕێگـای کاربەدەسـتانەوە، بـەڵام سـەربەرزی بـۆ ئەوانەیە کە ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ دەگرنە بەر.

ابـن تیمیـە زۆربـەی ژیـانی لـە گۆڕسـتاندا بەسـەر دەبـرد هـەموو تەمـەنی تـەرخان کردبـوو بـۆ خزمـەت کردنـی قورئـانو سوننەت.

**لە ساڵی ٦٩٣ھ**[12]:

ابـن تیمیـە دەسـتگیر کـرا بـە بڕیـاری سوڵتانی یەکـەم بـەهۆی هەڵسانەوەی لـە گـاورێکی سـتەمکار کـە جـوێنی بـە پێغەمبەر ﷺ دابوو بەڵام پاش ماوەیەکی کەم ئازاد کرا، هەر ئـەم ڕووداوەش بـووە هۆکـاری ئـەوەی ابـن تیمیـە پـەرتوکێك بنوسێ بە ناوی: (الصارم المسلول على شاتم الرسول ﷺ).

**لە ساڵی ٧٠٥ھ**[13]:

کۆمەڵێك لە صۆفیو جەهمیـەو شـیعەکان چـوون بـۆ لای فـەرمانڕەوای دەوڵـەتی موسـڵمانان ویـستیان ابـن تیمیـە ناشـرین بکەن بـە هەڵبەسـتنی درۆو بوختـان بـۆی ئەمـەش بـەهۆی ئـەوەی ابـن تیمیـە لـەو کاتـەدا نوسـراوێکی نوسـیبوو بـە ناوی(العقيدة الواسطية) ئەم نوسراوە دژی بیرو بۆچوونی ئەوان بوو.

بۆیـە لـە لایـەن فـەرمانڕەواوە نامەیـەك نێردرا بـۆ ئـەمیری شاری دیمەشـق تێیـدا هـاتبو کـە دەبێـت ڕوون بکرێتـەوە بیروباوەڕەی ابن تیمیە چۆنە، لەو کاتـەدا زۆرێك لە فقهاء و قازییەکانی دەوڵـەت کۆ بوونەوە بۆ ئـەوەی ووتوێـژ بکـەن لەگـەڵ ابـن تیمیـەدا، ئـەو زانایانـەی بەشـدارییان کرد لەم ووتوێژەدا بریتی بوون لە:.

- صفي الدين هندي.
- كمال الدين الزملكاني الشافعي.
- صدرالدين الوكيل... **هتد**.

(١٢) (البداية والنهاية: ١٤/٣٣٥).

(١٣) (مجموع الفتاوى: ٣/١٦٠-٢٠١).

له کۆتاییدا هەموویان یەك دەنگ بوون لەسەر ئەوەی بیروباوەڕی ابن تیمیە بیروباوەرێکی سەلەفی پاکە، ئەمجارەش سەرشۆڕی بۆ شیعەو صۆفیەکان مایەوە.

**له ساڵی ٧٠٧هـ**[١٤]:

صۆفیەکان سکاڵایان پێشکەش کرد دژی ابن تیمیە لەو کاتەدا دەوڵەت بڕیاری دا بەم خاڵانەی خوارەوە:.

- یان ئەوەیە بڕوات بۆ شاری ئەسکەندەرییە.
- یان له شاری دیمەشق بمێنێتەوە بە چەند مەرجێك.
- یان ئەوەیە دەبێت بڕواتە بەندینخانە.

لە ئەنجامدا ابن تیمە بەندینخانەی هەڵبژارد، بەندینخانەی پێ خۆشتر بوو لەوەی کە لە دەرەوە بێت بەو مەرجەی دەبێت ڕاستیەکان دەرنەبڕێتو دژایەتی بیدعەچییەکان نەکات، وەکو خۆی دەڵێت: أنا أمضي الى السجن واتبع ما فيه المصلحة

**له ساڵی ٧٠٨هـ**[١٥]:

شیخ الاسلام بەتەنیا نێردرا بۆ ئەسکەندەرییە بۆ ئەوەی ڕێگەی پێ بدەن کە هاوڕێکانی لەگەڵیدا بڕۆن، بەڵام ئەویش خەڵکێکی زۆر بە هۆی ئەوەوە خوای گەورە هیدایەتی دان بۆ ڕێبازی ئەهلی سوننە، بۆیە صۆفیەکان لەوێیش هەوڵی تیرۆر کردنیاندا بەڵام خوای گەورە ڕزگاری کرد پاشان بڕیاردرا بەوەی بچێتە بەندینخانە.

ئەمجارە لە بەندینخانە زۆر ئازار دەدرا هەروەها ناخۆشییەکی زۆری چەشت کاتێك مەلیك(الناصر محمد بن قلاوون) لە ساڵی ٧٠٩هـ دەسەڵاتی گرتە دەست بڕیاریدا بە ئازاد کردنی ابن تیمیە.

**له ساڵی ٧١٨هـ**[١٦]:

فەرمانڕەوایی وڵات بڕیاریدا بە بەندکردنی ابن تیمیە وە نەهێڵێت فەتوا بدات بەهۆی ئەو بابەتەی باسی کردبوو دەیفەرموو: "سوێند خواردن بە تەڵاق بریتییە لە سوێندێك کە دەبێت کەفارەتی بدات بەڵکو تەڵاق ناکەوێت" پاشان ابن تیمیە برا بۆ بەندینخانە لە قەڵای دیمەشق.

---

(١٤) (البداية والنهاية: ١٤/٥٣-٥٤) .

(١٥) (العقود الدرية: ص٢٩٦) .

(١٦) (البداية والنهاية: ١٤/٨٩، ٩٣) .

## له ساڵی ٧٢٠هـ[١٧]:

به هەمان شێوه له لایەن قازی ووڵاتـەوه بڕیاردرا به بەند کردنی، هەروەها قەدەغه کردنـــی لـــه فـــەتوادان بـــۆ خـــەڵکی ئەمجارەیش بەهۆی بابەتی تەلاقەوه بوو.

بەڵام ابن تیمیه دادگاییەکـەی بـه سـتەمو بێـداری زانـی بۆیـه هـەڵهات لەدەسـتی فەرمانڕەوا.

## له ساڵی٧٢٢هـ[١٨]:

دیسان ابن تیمیه برایـەوه بـۆ بەندینخانـه بـه هـۆی ئـەوەی دەیفـەرموو نابێـت بـه نیەتی پـیرۆزیو تەبـەڕووك بـچیت بۆسـەر هیچ گۆڕێك یان مزگەوتێك جگه له(المسجد الحرام)و(المسجد النبوي)و(المسجد الأقصى) ئـەمجارەش بـه هـەمان شـێوه بـه هـۆی ئەهلی بیدعەوه بوو ابن تیمیەیان ناشیرین کرد لای فەرمانڕەوا.

## له ساڵی ٧٢٦هـ[١٩]:

دووباره ابن تیمیه بەند کرا بەهۆی هەمان فـەتوای پێـشووەوه لـه کاتێکـدا بیدعـه چیەکان دەقی فەتواکەیان گۆڕی بوو.

لـه لایـەن کۆمـەڵێك قـازی بیدعەچـییەوه لەوانه(القاضي الأخنائي المالكي) بڕیاردرا به بەند کردنی.

ئـــەمجاره مامەڵەیـــەکی زۆر ناخۆشـــی لەگەڵدا دەکرا له بەندینخانه، بڕیـاردرا بـه لابردنـی هـەموو ئـەو پـەرتووكو پـەڕاوو پێنووسـانەی لای بـوو وه خوێندنـەوەو نوسینی لێ قەدەغه کرا.

بەڵام ئـەم حاڵەتـه زۆری نەخایانـد مـەرگ یەقـەی گـرتو لـه شـەوی دوشـەممه لـه ٢٠ذی القعـــدة لـــه سـاڵی ٧٢٨هـ لـه بەندینخانەی قەڵای دیمەشق ئەم زانا پایه بەرزه (ڕەزای خـوای لێ بێـت) گەیشتەوه به خوای گەوره.

بەم شێوەیه شیخ الاسلام له بەندینخانەدا کۆچـــی دوای کـــرد دوای خـــۆڕاگریو تێکۆشانێکی زۆرو بێ وێنه له پێنـاو ئـەم ئایینـــەدا بـــه دژایـــەتی کردنـــی گروپـــه گومڕاکـانو بەرپـەرچ دانـەوەیان لەوانـه: سۆفیەکان، شیعه، فەلاسیفه..... هتد.

هـەمو کـات دوژمنـانی هـەوڵیان داوه بـه بەندکردنی، چونکه ابن تیمیه نەدەوەسـتا له گەیاندنی بانگەوازی حەقدا بۆیـه خـۆی (ڕەحمەتی خـوای لێ بێـت) بـه دوژمنـانی

---

(١٧) (البداية والنهاية: ٩٧/١٤) .

(١٨) (الرد على الأحناف لابن تيمية) .

(١٩) (البداية والنهاية: ١٣٧/١٤-١٤٠) .

دەوت: (فأنا على أي شي أخاف؟ إن قتلت كنت من أفضل الشهداء! وكان علي الرحمة والرضوان الى يوم القيامة! وكان على من قتلني اللعنة الدائمة في الدنيا والعذاب في الاخرة! ليعلم كل من يؤمن بالله ورسوله أني إن قتلت لاجل دين الله، وإن حبست فالحبس في حقي من أعظم نعم الله علي، ووالله ما أطيق أن أشكر نعمة الله علي في هذا الحبس وليس لي ما أخاف الناس عليه! لا اقطاعي لا مدرستي ولا مالي ولا رئاستي وجاهي)[20].

واتە: من بۆچی بترسم؟ ئەگەر بکوژرێم باشترین شەهیدم وە ڕەحمەتو ڕەزا بوونی خوای گەورەم دەست دەکەوێ تا ڕۆژی دوایی، وە ئەوەی دەمکوژێ بەردەوام لەعنەتی خوای گەورەی لەسەرە لە دونیا پاشان سزای خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا، با بزانن ئەوانەی بڕوایان بە خواو پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ ئەگەر بکوژرێم ئەوا لە پێناو دینی خودایە، ئەگەر زیندانی بکرێم ئەوە بۆ من گەورەترین نیعمەتە، سوێند بە خوا ناتوانم بەتەواوی شوکرو سوپاسی خوای گەورە بکەم بەهۆی ئەو نیعمەتە زۆرەی کە لە بەندینخانەدا پێی بەخشیبووم، من ئەوەم نییە خەڵکی لێی دەترسن نە زەوی نە قوتابخانە نەماڵ نە پلەو پایەو دەسەلآت هیچ شتێك لەمانەم نییە.

بۆیە ابن تیمیە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بە بێ خێزانو ماڵو منداڵ گەیشتەوە خوای گەورە بەڵکو ژیانی بریتی بوو لە بەندو بەندینخانە ! !.

لە کۆتاییدا ئەوەندە دەڵێم ابن تیمیە (أشبه رجل بنبي في دنيا الرجال)[21].

واتە: شیخ الاسلام هاوشێوە ترین کەسە بە پێغەمبەر ﷺ لە دنیادا بۆ گەیاندنی ئایینی ئیسلام.

**وأخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين**
**وصلى الله وسلم على نبينا محمد**
**وعلى آله وصحبه أجمعين.**

(٢٠) (مجموع الفتاوى: ٣/٢١٥-٢١٦) .

(٢١) (من كلام الشيخ أبي بكر الجزائري) .

www.fermude.com